# دەولەتی پیاوی لات

ئێرۆن عومەر
eron_umer@yahoo.com



لەسەردەمی دروست بوونی یەکەم دەولەت لە جیهان واتە لە سەردەمە هەرە کۆنەکان تادەگاتە سەردەمی گۆڕان و پێشکەوتنە کۆمەلأیەتیەکان لە سایەی شۆڕشی پیشە سازی و بزوتنەوە ڕووناکبیریەکانی ئەوڕوپا بەمانایەکی تر تا دەگاتە سەرهەڵدانی شۆڕشی فەڕەنسی ، هەرچی دەولەت هەبووە دەولەتی یەك تاکە کەس یان یەك خێزان (پاشا ، ئەمیر ، سولّتان ، خەلیفە ، ...) بووە . ئەو دەولەتانە وەك ئەوەی دەولەتی گەل نەبوون و بگرە زۆردار و چەوسێنەریش بوون بەلأم ناتوانین سیفەتی ناشەرعی بوونیان بدەینە پاڵ, چونکە لەبەرامبەریاندا هێزێکی شەرعی (بەمانای ئەمڕۆ) نەبووە بیری لە جۆرێکی تری سیستەمی دەسەلأتداریێتی جیاواز لە هی ئەوان کردبێتەوە، وێڕای بوونی ئایدیای جیاواز و ئاینی جیاوازیش، کۆمەلگاکان بەگشتی کۆمەلگای دواکەوتوو بوون و دەولەتیش شەرعیەتی خۆی لە دواکەوتوویی ئەوان و نەبوونی هێزێکی کاریگەرتر لە خۆی وەردەگرت، لێرەدا سەرنج بدەنە وتە بەناوبانگەکەی لویسی چواردەهەم(دەولەت منم!)، خۆ دەبوایە دەولەتێك هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵ یان هەڵسوڕاندنی چالاکیە ئابووریەکانیان هیچ نەبێت لە پێناوی بەتاڵ نەبوونی خەزێنەی خۆی .

بەلأم لە دنیای تازەی گۆڕانە زۆرەکان و دەرکەوتە نوێیەکان و خۆسەپاندنی بەهاو ڕەوشتە مرۆڤایەتیەکان ، ئەگەر دەولەتێك هەبێت لە ژێر ڕابەرایەتی و هەژموونی یەك تاکە کەس یاخود یەك بنەماڵە, ئەوا بەهیچ جۆرێك شەرعیەتی خۆی لە کۆمەڵ وەرنەگرتووە و بە ئامانجی خزمەتکردنیشی دروست نەبووە، سەرەڕای ئەوەی خودی دەولەتەکە بەرهەمی هێشتا دواکەوتوویی کۆمەلگەکەیە. بە تێڕوانینێکی سادە لەو ساتەمێژوییەی ئێستاماندا تەنها دوو خەسلەتی دەسەلأتداریێتی و دەولەت خۆیان دەنوێنن ئەوانیش دیکتاتۆری و دیموکراتی, بەلأم بە تێڕوانینێکی وردتر و چەند سەرنجێك لە دەرەوەی مەنهەج و بیرکردنەوەی سیاسی عادەتی بۆمان دەردەکەوێ لە نێو دەسەلأتە دیکتاتۆریەکان جۆرێکیان هەن کە پێم وایە پێناسەکردنیان تەنها بەوەی دەولەتی دیکتاتۆرین پێناسەیەکی ناتەواو و ناڕاستە, چونکە لە ڕاستیدا دەولەتی دیکتاتۆریش هەندێ تایبەتمەندی چەسپاو و ستراتیژی دیاریکراوی هەیە، کە بەشێوەیەکی سیستەماتیك کاروبارەکانی ڕێکدەخا و لەسەرەوە بۆ خوارەوە دام و دەزگاکانی ئاڕاستە دەکات بەرەو خالی ئامانج کە دەولەتەکەی لەسەر بیناکراوە بێ پڕوپاگەندەکردن بۆ دیموکراسیەت و کرانەوە و ئازادیە فەردیەکان، لە نمونەی دەولەتی سۆسیالیستی و دەولەتی دینی. زۆر دەولەتی دکتاتۆری هەبوون کە کەسایەتی سەرۆکەکەیان بێجگە لە دیکتاتۆر بوون بەهیچ شتێکی تر لەکەدارنیە ، هەروەها کەسایەتیەکی لاواز و دواکەوتوو بێ ئاگانیە، بەلّکو ئایدۆلۆژیایەك دەکاتە بەرنامەی کاری خۆی بە هەموو توانای خۆی لە پێناوی چەسپاندنی تێدەکۆشێ، پێیوایە خێراترین ئامرازیش بۆ گەیشتنە ئامانج بەکارهێنانی هێز و سێنترالی دەسەلأتە، ڕێگا بە ئاکارێکیش نادات کە لە کەسی دەسەلأتدار و دەوروبورەکەی نەوەشێتەوە، ڕێز لە هەموو ئەو کەسانەش دەنێت کە هەلگری بیرو باوەڕی ئەون، هەروەها جاریوا هەیە دەولەتی یکتاتۆری کەمترین ڕادەی گەندەلی ئیداری و مالی تێدا بەرچاو دەکەوێت. بەلأم ئەوجۆرە دەولەتانەی کە مەبەستمانن ناساندنیان تەنها وەك دەولەتی دیکتاتۆری بەس نیە، ئەوانە جۆرێکن کە لە ڕاستیدا هێشتا لە زانستی سیاسی جێگایەکی تایبەتیان بۆ دانەنراوە و جیا نەکراونەتەوە مەگەر تەنها لەچاو ئەوانی تر وشەی گەندەلیان خرابێتە پاڵ، ئەوەش ئەو بیرکردنەوەیەمان لەلا دروست ناکات کە جیاوازیەکەیان هەر هێندەیە، لە ڕاستیدا ئەو جۆرەیان لە دەسەلأتەکان زۆر لە دیکتاتۆریەت واوەتر ڕۆیشتوون و بازیان داوە، تا ئاستێك هیچ پێناسەیەك نایانگرێتە خۆی. وێڕای ئەوەی دەولەتی کەسی سەرۆکن خۆیان وەك دەولەتی گەڵ دەناسێنن و ناوی دیکتاتۆرێتیەکەیان دەنێن دیموکراسی و وشەی دیموکراسی دەخەنە پاڵ ناوی فەرمی حکومەتەکەیان و حزبەکەیان و ڕۆژنامە فەرمیەکەیان و ..... ، هەڵنەبژێردراون و خۆیان بەهەڵبژێردراو دزانن ، وێنەیەکی جێگیر و ئایدۆلۆژیایەکی چەسپاویان نیە، ڕۆژێك چەپ و ڕۆژێك عەلمانی و ڕۆژێك دینین، هەر ڕۆژەی هاوپەیمانی دەولەتێکن و دوژمنی یەکێکی ترن، لە جەنگدا

دەسپێشخەرن، کەدەسەڵاتیان بەهێزە خوا ناناسن و کە دەکەونە مەترسیەوە پێڕەوەی لە قورئان و سونەت دەکەن، لە ولاتەکانیان دا خەڵکی بە کۆمەڵ دەکوژن و یارمەتی پێشکەش بە مناڵانی ولاتانی تر دەکەن، پیلان و ستراتیژی دەولەت هەر ئەوەیە کە سەرۆك ئەقلی پێدا دەشکی، پەرلەمان و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی وەزیرانیان تەنها بۆ ڕێزلێنانی سەرۆك دروست کراون کە لەکاتی دەرکەوتنیا لەسەر پێ بوەستن و تا فەرموویان لێ نەکات دانەنیشن، سەرۆك  هیچ کەسێك لەخۆی بالاتر و زاناتر و شایستەتر لەسەر گۆی زەوی نابینێت، نوێنەری یەکەمی خوایە لەسەر زەوی و دەبێ هەموکەس پەیڕەوی لە ڕێبازەکەی بکەن و هەرکەس نەیکات مافی ئەوەی نیە بژیت و هەناسە بدات، سەرۆك ژمارەی سەربازەکانی لە ژمارەی دانیشتوان زیاترن و بەسەر هەموو ولاتدا بلاّو بوونەتەوە، هیچ شارێك لە ولاتدا بێ کۆشکی لە ئالتون دروستکراوی سەرۆك نیە، هیچ گۆڕەپانێك بێ بتی سەرۆك نیە، هیچ ماڵێك لە ولاتدا بێ وێنەی سەرۆك نیە، هیچ قوتابخەنەیەك بێ سروودی سەرۆك نیە، هیچ دادگایەك یاسایەکی بەرزتر لە فەرمانەکانی سەرۆکی نیە، هیچ ئاوەدانیەکیش بێ زیندان نیە و هیچ زیندانێکیش بێ سەدان و هەزاران بەندکراو نیە و هیچ بەندکراوێکیش بێ ئەشکەنجە و کەسایەتی شکێنراو نیە، هیچ شەقامێك لە ولاتدا بێ بازگەی حکومەت و سەربازەکانی سەرۆك نیە. زۆربەی مولکی ولاّت هی سەرۆك و بنەماڵەی سەرۆکە و هەرچی پارەو سامانی ولات هەیە هی سەرۆکە و ئابووری و بازرگانی ولات سەرۆك بە زانایی خۆی هەڵی دەسوڕێنێ و تەنانەت پارووی دەمی هەر هاولاتیەکیش بە فەزلی سەرۆکە و سەرۆك نەبێت هەموو خەڵك لە برسان دەمرن، بۆیە دەبێ هەموو خەڵك سەرۆك بەرز ڕاگرن و بە پیرۆزی بزانن و بیپەرستن و بوونی خۆیان لە پێناوی ئەودا بسڕنەوەو هەرکاتێك ویستی بە کۆمەڵ بەرە و بەرەکانی جەنگ بەڕێکەون،خەڵك دەبێ کوڕەکانی سەرۆکیان لە کوڕەکانی خۆیان خۆشتر بوێ، هەموو بەدڕەوشتیەکیان وەك ئاکاری جوان ببینن و بە فەرماندە و بەرپرسی خۆیان بزانن و بازرگانیان بۆ بکەن و لە دەزگا نهێنیەکانیان کار بکەن و شۆخترین کچی ولاتیان بۆ بخەنە سەر ڕایەخی ئارەزوەکانیان و بە وەزیفەشی بزانن. سەرۆك هەموو پیرۆزیەکانی مرۆڤ ژێرپێ دەخات و خۆیشی بە پیرۆز دەزانێت، لە کۆبوونەوەکانی پێدەکەنێت و یاری بە ئەقلی ئەوانی تر دەکات ، جنێو دەدات و تەقە دەکات، حساب بۆ گەورەترین و پێشکەوتووترین هێز و دەولەت ناکات، سەرەنجام هەتا دەشمرێت سەرۆکە و هەرگیز لە کورسیەکەی نایەتە خوارێ و هەموو نارەزایەتیەکیش لەناو دەبات و هەموو ئامرازێکیش بەکار دێنێت بۆ کوشتن و هەموو ڕێگایەکیش دەگرێتەبەر بۆ مانەوە و هەر زووش یەکێك لە کوڕەکانی ئامادە دەکات بۆ دوای خۆی.

ئەگەر کەسێك بوێرێت لە ولاتی سەرۆك توێژینەوەیەك لەسەر کەسایەتی سەرۆك بکات و لە ژیان و ڕابردووی ئەو بکۆڵێتەوە و لێی نزیك بێتەوە بۆی دەردەکەوێت سەرۆك کەمترین ئاستی هۆشیاری هەیە لەبارەی مێژووی دنیا و کەمترین ئاگاداریشی هەیە لە ژیانی کۆمەڵ و لە کتێبی ژیانی سەرکردە و پالەوانەکانیش بترازێ هیچی نەخوێندۆتەوە، هەموو ناکۆکیەکیش بە ڕژاندنی خوێن یەکلا دەکاتەوە و هیچ زمانێکیش نیە بۆ گفتوگۆ لە مەملەکەتەکەی دا، بە ڕەخنە گرتن خوێن دەخزێتە ناو چاوی و ستایش دڵخۆش و دەروون ئاسودەی دەکات، هەموو بۆنەیەکی تایبەت بەژیانی سەرۆکیش دەبێ بە جەژنی نیشتیمانی و ئاهەنگی بۆ سازدەکرێت. سەرۆك لە بنچینەدا لە نێو خێزانێك پەروەردە نەبووە کە ژیانێکی ئاسایی ژیابن و ژیانی پڕ بووە لە ئاژاوە و کەم کوڕی و لادانی ڕەوشتی و لێنەپرسینەوە و نەبوونی چاودێری خێزان و کۆمەڵ و حکومەت ، ژیانی ڕابردووی سەرۆك هەمیشە برینێکە لە ناخی سەرۆك دا و سەرۆك تا لە ژیان دا ماوە بە بیری تۆلە و قەرەبووکردنەوەی ڕابردوو دەژییێت، ژیانی سەرۆك و ویست و ئامانجی سەرۆك دەچێتە ناو ژیانی سیاسی دەولەت و ڕژێم و پێکهاتەی دەولەت بەگشتی ڕەنگدانەوەی هەلس و کەوت و ئەقلی سەرۆکە و دەولەت بەگشتی هی سەرۆکە و وەکو کۆمپانیایکی گەورە قازانجی سەرۆك بەرهەم دەهێنێت و هەموو هاولاتیانیش کرێکار و فەرمانبەر و پاسەوانی ئەون و لە سێبەری ئەودا و لە دەرەوەی مێژوو و ژیان و هەست کردن بە بوونی خۆیان تەمەن دەگوزەرێنن، ولات بە خاك و ئاو و ئاسمان و مرۆڤەوە هی سەرۆکە و سەرۆکیش لە راستیدا جگە لە پیاوێکی لات هیچ کەسێکی تر نیە و کاربەدەستەکانیشی جگە لە پیاوی لات و لوت هیچ کەسێکی تر نین. ئەو کەسە لات و لوتانە لە وێنەی باندێکی پیاو کوژ و تاوانکار دەستیان بەسەر ژیانی تەواوی گەلەکانیان داگرتووە و کەمترین بواریان بۆ ئازادی نەهێشتۆتەوە، کەسانێکن بەتالن لە ویژدان و بیرکردنەوەی مرۆڤانە، گەندەلترین مەخلوقن و قەبەترین دزی دەکەن و گەورەترین درۆش بۆ دنیا دەکەن.

ئەو جۆرە دەولەتانە تەنها هێزێك لە دەرەوەی خۆیان نـەبێت هـیچ هێزێـك نیـە لـە نـاوەوە بیـانڕووخێنی. عێراقـی ڕابـردوو نموونەی هەرەدیاری ئەو جۆرە دەولەتانـەبوو ، دەیـان دەولـەتی تـری بـەو جـۆرەش هێـشتان لـە ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت و بەتایبـەتی عەرەبیـەکان و ڕۆژهـەلاتی ئاسـیا و ئـەفریقا هیـشتا درێـژە بـە مانـەوەی خۆیـان دەدەن و گـەورەترین مەترسـین لەسـەر ئاینـدەی دنیا،زۆربەی کۆمەلگا ڕۆژهەلاتیەکان هێشتاش لەو ئاستەی پێشکەوتنی کۆمەلأیەتی دانین کـە ڕژێمێکـی جیـاواز لـەوەی باسمـان کـرد بەرهەم بێنن.

پێمان خۆشبێت یاخود نا هیچ گۆڕانکاریەکیش بەبێ هاتنە ناوەوەی خۆرئاوا بەهێزی بازاڕ و گوشاری تەکنەلۆژیا و هـەژمـوونی کـەلتور ڕوونـادات، بـەلأم خـەراپترین حالـەتیش هاتنیانـە وەکـو هێـزی سـەربازی. هیـوادارین تـا ئەوسـاتەی هـەل و مـەرجی سیاسـی دەرەخسێ (ئەگەر برەخسێ) بۆ دروست بوونی دەولەتێکی کوردی کۆمەلگای کورد هێنـدە پێـشکەوتبێ دەولـەتی پیـاوی لات بـەرهـەم نەهێنێ چونکە هەر ئێستە ڕەگەکانی ئەو سیستەمە لە نێو کۆمەلگای ئێمەشدا دیار و بەرچاون.